

# بەرگی خەزان( بێدادی خەزان)

ئاواز: پەرویزی یاحەقی

وتنی: خانمی مورتەزایی(مەرزیە)

**لەسەر رێ دیم گەڵای خەزان ژاکاو لە بێدادی زەمان کە لە چڵ جیا بوو**
**کە پشتی کردە گوڵشەن بەنیهان لەسەر ڕێیدا بای خەزان وەك پەیکی بەڵابوو**
**ئەی گەڵای ستەم لێکراوی پایزیی بۆ وا لەگوڵشەن ڕادەکەی**
**ڕۆژێك تۆ لەباوەشی گوڵێك بووی دڵدادە و مەدهۆشی گوڵێك بووی**

* * *

**ئەی عاشقی شەیدا دڵدادەی ڕیسوا پێت ئەڵێم بۆ وا ژاکام**
**لەگوڵا دا نەما سەفا نە بۆ و نە وەفا جگە لە ستەم هیچی نەبو بۆم**
**دڕکی خەمیم لەدڵ چەقاند لەرێی ئەودا من گیانم پژاند**
**تا بوە شاگوڵی گوڵستان و گوڵارای چەمەن**

**ئەو گوڵەم ڕۆیشت لەدەست لەگەڵ ناکەسێك بوو پەیوەست**
**من مامەوە و سەد دڕکی ستەم و ئەم جەستەیە بێ گیان**
**ئەی تازە گوڵی گوڵشەن دەژاکێیت ڕۆژێك وەك من**
**هەر گەڵایەکت ئەوەرێت بەرێیەك دا دەکەوێت ژاکاو و بێ گیان**
**لەسەر رێ دیم بەرگی خەزان ژاکاو لە بێدادی زەمان کەیلە چڵ جودابوو**
**کە پشتی کردە گوڵشەن بەنیهان لەسەر ڕێدا بای خەزان وەك پەیکی بەڵابوو**